

# خوێنی کاریکاتۆریست حەڵاڵ کرا

ئەمن دژی ئەوەم ، بە چاوێکی نزم سەیری پێغەمبەرانی خودا بکرێت و بە هەستی موسڵمانان وازی بکرێت. بۆیە وێنەکێشانی کاریکاتۆریستی محەمەد لە وێنەی سەگی دار ، کارێکی ناهونەری و جێگای شانازی نی یە بۆ هونەرمەند .




ئەمن دەزانم سەگ لە ئەدەبی سویدی و لەناو خەڵکی سویدی جێگای شایستە و تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا سەگ بە چاوێکی نزم سەیر دەکرێت .{{بۆ ریزگرتن لە خەڵکی موسڵمان من وێنەی کاریکاتۆرەکە لێرەدا بڵاوناکەمەوە ، بەڵام خەڵکی ئەگەر حەزیان لێبێت سەیری بکەن ئەوا دەتوانن لە ئینتەرنێت سەیری وێنەکە بکەن }}

.

سەرۆکی القاعدە لە عێراق ابو عمر البغدادی [$ 100000 ]دۆلاری ئەمریکی ، کردە خەڵات بۆ ئەو کەسەی کە [ئولف یوهانسۆن]سەرنووسەری رۆژنامەی [ئیریکیس ئالیهاندا] و هونەرمەندی کاریکاتۆریست [لاش ڤیلکس] بکوژی . ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو [ابوعمر]ە بە دۆلاری ئەمریکی خەڵکی بەکرێ دەگرێت ، بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لەدژی ئەو دوو مرۆڤە ئەنجام بدات .خۆ دیارە [باوکی عومەر] دەزانێ کە ئەو کەسە بەکرێگیراوە ئەگەر ئەلکەهۆلیست و حەشیشەکێش وپیاوکوژیش بێت دەبێت ، بۆ وەدەست هێنانی ئەو پوولە زۆرە ، ئەو کارە ئەنجام بدات و 100هەزار دۆلارەکە بکاتە سەرمایەی حەشیش و خواردنەوەکەی . جارانی پێشوو مافیاکانیش ئەو بەکرێگیراوانەیان بە پارە دەکڕی بۆ ئەوەی نەیارەکانیان بۆ بکوژن . سەدام حوسێنی مردوو ، خەڵکی بەکرێ دەگرت و پارەی دنیای دەدا بۆ ئەوەی نەیارەکانی لە ئەورووپا و لە وڵاتانی عارەبی بۆ بکوژن . لە سوێد لە رێگای ژنەکی لوبنانی توانی [ئەفسەرماجید] بکوژێت . گەلۆ بۆ ئەو ئەبوعومەرە دەمی لەو جیهاد پەرستانە نەکرد بۆ ئەوەی ئەوکارە لە پێناوی خودا و لەپێناوی پێغەمبەر ئەنجام بدات ، هەرووکو چۆن بەناوی خودا باوکی عومەر سەدان هاوڵاتی موسڵمانی لەو عێراقە بەستەزمانە وەکو مەڕ و بەرخ سەربڕیووە و سەردەبڕێت .دەبێ باوکی عومەر رووی دەمی لەو فەتوایە لەکامە کەس بێت کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدات بەتایبەتی لەمانگی رەمەزانی پیرۆز دا . بڵاوبوونەوەی فەتوای ئاوا بەناوی ئیسلام ، لە بەرژەوەندی ئیسلامەکانی ئەورووپا نی یە ، بۆیە دامودەزگای ئیسلامی لە سوێد ، زوو ئەو فەتوایەیان رەت کردەوە و داوایان کرد کەس

دەست لەکاروباری موسڵمانانی سوێد وەرنەدات . ئەبوعومەر با هەربەردەوام بێت عێراق بکاتە ئیماڕاتی ئیسلامی .ئازادی را و ئازادی هونەر و ووشە لە وڵاتی سوێد دا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و بەو فەتوایانەی القاعدە تێک ناچێت . ئەوڕوپا باجی گەورەی داوە تاوەکو گەیشتۆتە ئەو ڕۆژەی کە ئازادی بۆ بیروڕا فرەوان بێت . ئەو موسلمانانەی لە ئەوڕوپا بە گشتی و لە سوید بەتایبەتی دەژین ، هەر ئەو ئازادی یە وای لێکردوون کە ببنە خاوەنی دەیان و بگرە زیاتریش مزگەوت و جێگای پەرستگای تایبەتی ، بۆ ئەوەی بە ئازادی خۆی نوێژ و تاعەتی خۆی بکات . هەر ئەو ئازادیەشە وای لێکردوون بە سەربەستی خۆیان وانەکانی قورئان بخوێنن و منداڵانیان فێری ئاینی ئیسلامی بکەن . گەلۆ هەتا ئەمڕۆکە کێ دەبیستێ لە وڵاتێکی موسڵمانی وەکو ئێران و سعودیا ڕێگا بدرێت کەنیسەیەک بۆ ئەو مەسیحیانە دروست بکرێت کە لەو وڵاتانە کار دەکەن . خۆ لە سعودیای عارەبی جگە لە سەربازانی بیانی خەڵکی تریشی تێدایە کە سەر بەئاییینی غەیرە ئیسلامین . رۆژنامەگەری لە سوێد گۆڕەپانی ئازادی هەیە و گەلێک جار وەزیر و کاربەدەست بەدەرکردن دەدات ، لەسەر کاری ناهەق و دزی . هیوادارم رۆژنامەگەری لە جیهانی ئیسلام و لە کوردستانی خۆشەویستدا ئاوا بوێرانە بێتە دەنگ کە ناهەقی بخاتە بەرچاوی خەڵکی و خەڵک چاوکراوە بکات بۆ ئەوەی مافەکانیان بهێننە دی و مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێت. هونەرمەند لاش لە 1946/6/20 لەدایک بووە و جگە لەوەی کاریکاتۆریست و نیگارکێش و هونەرمەندە ، رەخنەگرێکی گەورەی هونەرە . لە نێوان ساڵانی 1997 تا 2003 پرۆفیسۆری ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بووە لە شاری بیرگن[شارێکی نەروێژە سەرژمێری نزیکەی 250 هەزارکەسە]. بەر لەوەی بە کاریکاتۆری محەمەد ناوبانگ دەربکات ، هونەرمەند لاش وێنەی ئەو دارانەی دروست کرد کە ناوی نا[نیمیس]ئەو ناوەش ووشەیەکی لاتینی یە ماناکەی بۆ زۆری دەدات . ئەو کارە هونەریەی لە ناوچەی [کولباری] لە خوارووی سوێد کە پێی دەڵێن [سکۆنە] دروست کردووە و هەتا ئەمڕۆکە ماوە .ئەو هونەرمەندە بە هونەرمەندێکی بوێر ناوبانگی دەرکردووە . هەنووکەش لە ترسی کوشتن لە ماڵەکەی خۆی نەماوە و پۆلیسیش چاودێری دەکات و دەیپارێزێت.

**فـەهـد گـردەوانـی 2007/9/22 ستۆکهۆڵم**